# ڕۆژی منداڵانی مەنفا

سمکۆ محەمەد

*** ڕۆژی یەکەم**

منداڵەکان لەکۆڵانە تەنگەبەرەکاندا کۆ دەبنەوە
لەبەر کزی چاویان
وڵاتی غەریبیان خۆش ناوێ
هەریەکەیان سیمایەکی هەیە و ڕەنگی
کرۆمۆسۆمێکی ڕەش دەماری گرتوون.
پرسیار لەچارەنووسی خۆیان ناکەن
هەندێکیان بادەدەنەوە و هەندێکیان مل دەنێن
پێکەنینیان بەجەنگ دێت
موژدەیان پێیە
موژدەی تێکەڵبوون بە شانۆ
موژدەی ڕزگاربوون لە باوک



*** ڕۆژی دووەم**

منداڵەکان لە تاریکیدا کۆدەبنەوە
کەسێک کاغەزێکی شڕی بەدەستەوەیە
کەسێکی تر کوتە پەڕۆیەکی شڕی بەملەوەیە
بەدزییەوە پەیمانێک دەنووسنەوە
هەندێکیان لەترس و دڵەڕاوکێدا
هەمیشە پرسیاری بێ وەڵام دەکەن
زمانی خۆیان ناگرن و بە پێکەنینەوە باسی
نەخوێنەوارەکان دەکەن
لە شێنەییشدا دڕەندەیی
ئەوان لاتەریکی خەڵکی ئێرە لەنیگایاندا دیارە
لەتارمایی ئەو خێوە دەچێ کە خەڵک لەخۆڕا لێی
ترساون
ئەو خێوەی کە ناویان لێناوە باوک

*** ڕۆژی سێیەم**

منداڵەکان لەبن تارمەی باڵەخانەکاندا کۆدەبنەوە

حەزیان لەبۆنی نیشتمان نییە
حەب و تریاک و کریستاڵ و مەریوانە و شرووب و تایگەر
دەفڕن وەکوو پیاوی سپایدەر
سنوور لێرە کۆتایی نایەت
منداڵەکان گەروویان پڕە لەگریانی کەسەر
لەداخی داکیان جنێو بە باوکیان دەدەن

*** ڕۆژی چوارەم**

منداڵەکان لە وەرزی سارددا کۆدەبنەوە
مێژووی گەرمیانیان بۆ نانووسرێتەوە
ئەوان لەداخی باوکیان خەویان زڕاوە
خەون بە دەسەڵاتێکی دیکەوە دەبینن

*** ڕۆژی پێنجەم**

منداڵەکان لەبەردەم پەرستگاکاندا کۆدەبنەوە
دەنگی بانگەوازیان لەدەنگی بانگی بەیانیان تیژترە
دەزانن مردن بەنۆرە نییە
هەموو پێکەوە ڕێگە دەبڕن
هەموو پێکەوە دەمرن
هەمووش پێکەوە پشت لەباوکیان دەکەن

*** ڕۆژی شەشەم**

منداڵەکان لەژووری قوتابخانەکاندا کۆدەبنەوە
ساڵەهایە بە ڕوحی یاخییەوە سەردانی بازاڕ دەکەن
نایانەوێ لە گمەگمی کۆتر تێ بگەن
قینیان لە قەفەسی زێڕینە
قینیان لە جلوبەرگی دێرینە
خوێنیان لێ دەتکێ و جەستەیان هەمووی برینە
ئەوان لەزمانی باوکیان تێ ناگەن

*** ڕۆژی حەوتەم**

منداڵەکان وێنەیەکی نابووت بڵاودەکەنەوە
ماکیاژی دایک و خوشکیان بەکاردێنن
لەداخی دووکەڵی کەبابخانەی گەڕەکەکەیان
بەدەم سەماوە ئیندۆمی دەخۆن
شەوانیش لە ترسی سەرما
وێنەی باوکیان دەسووتێنن

*** ڕۆژی هەشتەم**

منداڵەکان لەکەلاوەکاندا کۆدەبنەوە
دەزانن کە هیچ ڕەوتێک لەسەر ڕێگەی خۆی ناڕوات
هیچ ڕێگایەکیش ناچێتەوە بانە
ئەوان چەپکەگوڵ دەفرۆشن
بۆ کڕینی مژێک سیگار
سەریان پێکەوە ناوە و دەڵێن ئەمە دواڕۆژی درۆیە
ئەمە ماسکی دەموچاوێکی بێ برۆیە
ئەمە فاتیحای باوکێکی نامرۆیە

*** ڕۆژی نۆیەم**

منداڵەکان لەسەربانان کۆدەبنەوە
تەماشای باڵکۆنە پیسەکان دەکەن
لەکونی دەرزییەوە دەڕواننە بەلەکی مامۆستاکان
ئەوان زانیویانە ژیان تەواو بووە
دووکەڵی میحنەت هەموو شوێنێکی تەنیوە
قاقا بەمێژووی باوکیان پێدەکەن

*** ڕۆژی دەیەم**

مانیفێستی ئەم منداڵانە ئیمانێکی تری خوڵقاندووە
شەو و ڕۆژ تەماشای خوارەوەی ئەم زەمینە
دەکەن کە چەند بۆشە
تەماشای چاو بەستراوەکان و
دومبەڵی ژێر هەنگڵی خوێندکاران
پەیکەری لووتشکاوی سەر شەقامەکان دەکەن
ئەو شەقامانەی ژێرەوەی زێرابەکان تەی دەکەن
منداڵەکان دابڕاون
جەستەیان لە نیشتیمان و ڕوحیان لە مەنفایە
منداڵەکان دوور دەڕۆن، تەنها بیسەلمێنن کە
لەباوکیان تۆراون.